www.kurdistannet.org
8-1-2003 23:24

# سەردێڕی هەواڵەکان

مەهاباد قەرەداغی

زەمەن دەستەسڕێکی چوارقەدکراوە
لە بوخچەی گەردووندا.
. . .
ئاشتی پەیامێکی لوولدراوی وێستگەی جەنگە
بە هیچ زمانێ ناخوێندرێتەوە.
. . .
سەدەی داهاتوو. . لاوفاوی کورسی دنیا ڕادەماڵێ
بێشکەکان دەبن بە تەرم.
. . .
نهێنییەکان ئیدی نهێنی نین
ئاشکراکان خۆدەشارنەوە.
. . .
مەودای نێوان ئەستێرەکان نزیکترن
لە مەودای نێوان مرۆڤ و خۆی.
. . .
زەوی لە ئاکامدا لە شێوەی تۆپێکی خڕەوە
دەگۆڕێ بۆ شێوەی موشەکێکی درێژ.
. . .
دڵی مرۆڤی ئاینده
لە شێوەی هەرمێیەکی سەربەرەوخواری ناسک نابێ.
چاو گرنگ نییە. .
گوێ. . بۆچی باشە، ئەگەر دەنگ لەئارادا نەبێ!
ئیدی دەستەکان بە کەڵک نایەن
پێ. . هەر نەبوونی باشترە.
. . .
ئیدی خۆر تیشکی خۆی بە خۆڕایی ناداتە زەوی
دەریاش لەماڵی شەپۆلی خۆیدا جێگەی یەک تاڵە تیشک ناکاتەوە.
. . .
جادەیەکی درێژ
وەک بۆینباخی پرسە لە ملی زەویدایە و. .
گەردوون دەبەستێتەوە.
. . .
ئیدی لە جەنگەکاندا یەک دڵۆپ خوێن ناڕژێ. .
بەڵکە

www.kurdistannet.org
8-1-2003 23:24

سۆز و هەست و مرۆڤایەتی.

. . .

سەرجەم هەواڵەکان

لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە وەرگیراون

ئاژانسی دەنگوباسی جەنگی سێیەم ڕایگەیاندوون!

١-٢-١٩٩٥

فالْشۆپینگ

www.kurdistannet.org کوردستان نێت